www.kurdistannet.org 15-5-2003

# تكایە ڕاستیەکان مەشێوێنن!

ماوەیەکە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و صەددام، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەندێك فەردی تاکوتەرا کەوتوونەتە ڕەخنە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق.

١- هەندێك لەوانە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بوونەتە دژە بەعسی و بەر لە ڕووخاندی بەعس هیچ قسەیەکیان نەبوو لەسەر ئەم ڕژێمە، لە ناو ئەوانەدا ئەکرێت ئیشارە بە سایتی برووسکە بکرێت.

٢-هەر ئەم سایتە و لایەنگرانی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا کە یەکیەتی نیشتمانی هێرشی چەکداری کردە سەر مقەڕەکانی حیزب لە شاری سلێمانی لەبەر ئەوەی یەکێك لە خەتاکانی حیزب تووندڕەوی بوو بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس، دەست خۆشانەیان لە یەکیەتی نیشتمانی کرد.

٣-هۆی سەرەکی ئەم هێرشانە ئەوەیە کە حیزب وەکو تەنها هێزێکی پێشکەوتنخواز ئەیەوێت بەر بە شەڕو پێکدادانی قەومی و دینی بگرێت لە سەردەمی عیراقی دوای بەعسدا. وە لە هەوڵی ئەوەدایە کە سیناریۆی یۆگۆسلاڤیا لە عیراق و کوردستاندا دووبارە نەبێتەوە.وە قەوم و قەبیلەو مەزهەب و تائیفەگەری نەبێتە ئەسڵ بۆ حکومەتی داهاتووی عیراق.

٤-لەبەرئەوەی حیزب موخالیفی تەسلیم کردنەوەی هێزەکانی موجاهیدینی خەلق بوو بە جمهووری ئیسلامی و ویستی بەر بە پیلانێك بگرێت کە چەندین ساڵە جمهووری ئیسلامی بەدەستیەوەیە بۆ زەربە لێدان لە ئۆپۆزسیۆنی جمهووری ئیسلامی و لە حیزبە کوردیەکانی کوردستانی عیراقیش کەڵکی باشی کردووە بۆ بردنە پێشەوەی ئەم پیلانە، ئەگینا هەموو ئەوانەی تۆزێك ئاگاداری وەزعیەتی سیاسی کوردستان و ناوچەکەن، باش ئاگادارن کە ڕەخنە گری جیدی و سیاسی لە موجاهیدین لە چەندین ساڵی ڕابووردوودا هەر کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە بە تایبەتی شەخصی مەنصور حیکمەت. (هەمان هەڵوێست لەسەر پ ك ك و گرتن و تەسلیم کردنەوەی عبداللە ئۆجەلان دووبارە ئەبێتەوە).

٥- لەبەر ئەوەی حیزب ئەڵێت ئەبێت هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا لە عیراق بچنە دەرەوەو عیراق لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیدارە بکرێت بۆ ماوەیەکی کاتی، وە یان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە بەر بە شەڕو پێکدادانی مەزهەبی و تائیفی و قەومی بگرێت لە عیراقدا.

موخالەفەتی نەیارانی حیزب بە ئامانجی تەرحەکەیە نەك بە ناوبژی کەر، ئەگینا هەر ئەم ڕەخنە گرانە بوون لە دوانزە ساڵی ڕابووردوودا ستایشی یوئێنیان ئەکردو ئەیان ووت ئەگەر یوئێن نەبێت کوردستان ئەم خێرو خۆشیە بە خۆیەوە نابینێت.

٦- بۆ زۆر کەس لەناو چوون و ڕووخانی بەعس و صددام کۆتایی مێژووە و هاتنە دی بەهەشتی عەدەنە، بۆ ئێمە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە سەرەتایە بۆ خەبات بۆ ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان و سەراسەری عیراق.

فەتاح مەمەند

May 14, 2003